# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | **Khabat Technical Institute** | |
| **Department** | **Legal Administration** | |
| **Module Name** | **Code of Criminal Procedure** | |
| **Module Code** | **CCP401** | |
| **Degree** | **Technical Diploma** [/] **Bachelor** [ ]<br>**High Diploma** [ ] **Master** [ ] **PhD** [ ] | |
| **Semester** | **4** | |
| **Qualification** | **M.Sc. Law** | |
| **Scientific Title** | **Assistant Lecturer** | |
| **ECTS (Credits)** | **5** | |
| **Module type** | **Prerequisite** [ ] **Core** [/] **Assist.** [ ] | |
| **Weekly hours** | | |
| **Weekly hours (Theory)** | **( 2 )hr Class** | **( 4 )Total hrs Workload** |
| **Weekly hours (Practical)** | **( 2 )hr Class** | **( 4 )Total hrs Workload** |
| **Number of Weeks** | **12** | |
| **Lecturer (Theory)** | **Nahro Asaad Abdullah** | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | Nahro.abdulla@e[pu.edu.iq **07504468748** | |
| **Lecturer (Practical)** | **Nahro Asaad Abdullah** | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | Nahro.abdulla@e[pu.edu.iq **07504468748** | |
| **Websites** | **https://epu.edu.iq/** | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | ئاشنا بوون بە بنەماکانی یاسای سزادان پەیوەست بە پێناسە کردنی تاوان و سزاکان بە تەنها بەس نیە بەلکو پێویستە ڕاڤەی کۆمەلێك ڕێسای ڕێکاری بکرێت کە پێویستە بگیرێتە بەر بۆ دەستەبەر کردنی مافی دەولەت لە سەپاندنی سزا و هەروەها مافی کەسەکان و قوربانیان لە قەرەبووکردن، وجیاوازی لەو لایەنەوە لە نێوان داوای سزایی (مافی گشتی) وداوای شارستانی (مافی کەسی).<br><br>بەڕێوەچوونی داوای سزایی پێویستی پابەند بوون بە کۆمەلێك ئیجرائاتی تایبەت بە شێوازی سەلماندن و دادبینی کە ڕێسای یاسایی دیاری کراو ڕێکی دەخات ، هەروەها پێویستی بە ڕێکخستنی دادوەری تایبەت دەکات کە لە ڕووی هەیکەلی گشتی ڕێکارەکان جیایە لەو ڕێکارانەی لە بەردەم دادگای شارستانی یان کارگێڕی پەیرەو دەکرێن، وە هەروەها تێگەیشتنی چەمکی زەبتی قەزایی وشێوازی لێکۆلینەوەو ڕەوانەکردن و چۆنیەتی دادگایی کردن و ڕێگاکانی تانە. |
| **Course objectives** | قوتابی لە ماوەی ئەو  کورسەدا تێگەیشتنی بۆ یاسای تاوانی بە شێوەیەکی گشتی و یاسای ئوصول محاکمات بە تایبەتی فراوان دەبێت بەهۆی ناسینی ڕێکارەکانی جولاندنی داواکان لەبەر دەم دادگای سزایی. دیراسەکە قۆناغەکانی داوای سزایی لە گەڕان و بەدواداچوون و کۆکردنەوەی بەلگەو لێکۆلینەوەی سەرەتایی لەخۆ دەگرێت هەروەها ڕێگاکانی تانە گرتن لە حوکمە سزاییەکان و پێناسەی حوکمی سزایی و شێوازی جولاندنی داوای شارستانی پاشکۆی داوای سزایی. زانینی بنچینەکانی ڕێکخستنی دادوەری و ڕێکارەکانی لێکۆلینەوەو دادگایی کردن بۆ دادوەرو پارێزەرو لایەنەکان و قوربانیان، چوارچێوەی یاسایی دەستەبەر دەکات بۆ وەرگرتنی ماف |

<table>
<tr><td></td><td>لەکاتی بەڕێوەچوونی داوا.</td></tr>
<tr><td>Student's obligation</td><td></td></tr>
<tr><td>Required Learning Materials</td><td>لەماوەی خوێندنی ئەم سال هەول دەدەین بە ئامرازی فێرکاری نویٚ وەکو کومبیتەرو داتاشو بابەتە زانستیەکان بە شێوەی سلایدات لەسەر تەختەو شاشەی هۆل بۆ قوتابیان بخەینەڕوو ڕاڤەی بکەین وە نموونەی جۆراوجۆر لە شێوەی هێلکاری و خشتەی ڕوونکردنەوەی مادەی زانستی بڕیاردراو.<br>بۆ سود وەرگرتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە پێویستە قوتابی بتوانیت بەردەوام بخوێنی و بەدواداچوونی بەردەوامی وانەکان بکات و هەروەها بەشدار بێت لە ئاراستەکردنی پرسیارو وەلامدانەوە لەناو هۆلی خوێندن.</td></tr>
<tr><td>Evaluation</td><td>
<table>
<tr><th colspan="2">Task</th><th>Weight (Marks)</th><th>Due Week</th><th>Relevant Learning Outcome</th></tr>
<tr><td colspan="2">Paper Review</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td rowspan="7">Assignments</td><td>Homework</td><td>10</td><td>2</td><td>10%</td></tr>
<tr><td>Class Activity</td><td>2</td><td></td><td>2%</td></tr>
<tr><td>Report</td><td>8</td><td>4</td><td>8%</td></tr>
<tr><td>Seminar</td><td>8</td><td>6</td><td>8%</td></tr>
<tr><td>paper</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Essay</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Project</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Quiz</td><td>8</td><td>3,5,9</td><td>8%</td></tr>
<tr><td colspan="2">Midterm Exam</td><td>24</td><td>6</td><td>24%</td></tr>
<tr><td colspan="2">Final Exam</td><td>40</td><td>14</td><td>40%</td></tr>
<tr><td colspan="2">Total</td><td>100</td><td></td><td>100%</td></tr>
</table>
</td></tr>
<tr><td>Specific learning outcome:</td><td>لە کۆتایی کورس بێشبینی دەکرێت کە قوتابی زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو بابەتانەی خوارەوە:<br>1- چەمکی یاسای أصول محاکمات و پەیوەندی لەگەل یاساکانی تر</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| | 2- ناساندنی داوای سزایی<br>3- ئامرازەکانی جولاندنی داوای سزایی و ئەو لایەنانەی ماڤی جولاندنیان هەیە<br>4- قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی- گرینگیەکەی – ڕێسا بنەرەتیەکانی و ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە لێکۆڵینەوە<br>5- جۆرەکانی داوای سزایی و تایبەتمەندیەکانی<br>6- ڕێکارەکانی دادگایی کردن و ڕێسا گشتیەکانی دادگاییکردن.<br>7- ڕێگاکانی تانە گرتن لە حوکمە سزاییەکان. |
| **Course References:** | سەرچاوەکان<br>1- د.سعيد حسب الله عبدالله، شرح قانون أصول المحاكمات الجزائية.<br>2- د. رزكار محمد قادر، شرح قانون أصول المحاكمات الجزائية.<br>3- أ. عبدالامير العكيلي ود. سليم ابراهيم حربة. شرح قانون أصول المحاكمات الجزائية ج1 و ج2 |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| ڕێ و شوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ڕێکارەکانی دژ بە تۆمەتبار | 1 | |
| پشکنین و لێپرسینەوە لە تۆمەتبار | 2 | |
| ڕێکارەکانی دژ بە تۆمەتبار<br>تەکلیف بەئامادەبوون، دەستگیرکردن، ڕاگرتن | 3 | |
| فەرمانی جەزائی<br>ڕێکارەکانی دادگاییکردن و ڕێسا گشتیەکانی بەڕێوەچوونی دادگایی کردن | 4 | |
| ئاشکرایی دانیشتنەکان- بەڕێوەبردنی دانیشتن- قەدەغەکردنی دادگایی کردنی کەسانی تر جگە لە تۆمەتبار- | 5 | |
| تاقیکردنەوەی Midterm | 6 | |

| | | |
|---|---|---|
| جۆرەکانی دادگای سزایی لە عیراق | 7 | |
| دادگای تێهەلچونەوەو دادگای پێداچونەوە | 8 | |
| ڕێگاکانی تانەگرتن لە حوکمە سزاییەکان | 9 | |
| گفتوگۆی ڕاپۆرت و سیمینار | 10 | |
| نارەزایی لە حوکمی سزایی م 234-248<br>پێداچوونەوە م 249- 265 | 11 | |
| ڕاستکردنەوەی بڕیاری تەمیزی م 266- 269دووبارەکردنەوەی دادگاییکردن م 270- 284 | 12 | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | **Week** | **Learning Outcome** |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

**Questions Example Design پرسیارو وەڵامی نمونەیی**

**پ1/ ئەم زاراوە یاساییانەی خوارەوە پێناسە بکە؟**

1. **داوای سزایی** 2. **لێزان** 3. **بەسەرچوون**

**پ2/ ئەمانەی خوارەوە وەلام بدەوە**

1- **پەیوەندی نێوان یاسای اصول محاكمات و دەستور ڕوون بكەوە**

**2- ئەو حالەتانە دیاری بکە کە بەرپرسی بنكەی پۆلیس دەسەلاتی لێكۆلەری هەیە**

**3- بە تیروتەسەلی بنەمای كەسایەتی داوای سزایی روون بكەوە.**

**پ3/ هۆیەكانی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە**

1- **لێبوردنی گشتی گرینگترە لە لێبوردنی تایبەتی**

2- **یاسادانەر قەدەغەی كردووە كە ژن و مێرد شاهێدی دژی یەكتری بدەن**

**پ4/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە دەستەواژەی گونجاو پر بكەرەوە**

1- **دادگای نەوجەوانان دانیشتن دەبەستێت بەشێوەی ــــــــــــ لە لایەن قازیەك كە بەلانی كەم سنفی (سێ یەم) بێت و ئەندامێتی دوو كەس كە یەكێكیان ــــــــــــ و ئەوی تریان ــــــــــــ**

2- **بەدوادا نەچونی سكالا ماوەی (3) مانگ بەبێ پاساو بە ــــــــــــ دادەنرێت كە تیایدا دادوەر بڕیار دەدات بە**

**ــــــــــــ**

**پ5/ حوكمی ئەمانەی خوارەوە دیار بكە**

1- **جولاندنی داوا لە تاوانەكانی مادە** (3)

2- **لێبوردنی گشتی كە لەلایەن پەرلەمان دەردەچێت**

**پ6/ ڕاستی و چەوتی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دیار بكەو چەوتەكان ڕاست بكەوە.**

1- بنەمای گشتی یاسای أصول محاكمات جەزائی لەڕووی کاتەوە بریتیە لە گەڕانەوەی یاسای أصول محاكمات بۆ ڕابردوو.

2- یاسای أصول محاكماتی جەزائی عیراقی شێوەیەکی دیاریکراوی بۆ اخبار داناوە کە پێویستە هەوالدان بە نوسین بێت و ناوو واژی هەواالدەر لەسەر کاغەزی هەوالدانەکە هەبێت.

## وەلامـــــــی نمـــــــوونەیـــــــی

## پ1/

1- **داوای سزایی:** بریتیە لە داواکردنی ماف لە بەردەم دادگای تاوانی، یان داواکردنی داواکاری گشتی لەجیاتی کۆمەلگا لە ڕێگای دادگای تاوانیەوە بە سەپاندنی سزا بە سەر ئەو تاوانبارەی کە تاوانی ئەنجامداوە.

2- **لێزان:** بریتییە لەو کەسەی کە شارەزاییەکی کرداری و هونەری دیاریکراوی هەیە، یان لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستی دیاریکراو ئەو شارەزاییەی بەدەست هێناوە وەکە پزیشکی شەرعی و شیکاری کیمیایی یان هەر بوارێکی تر وەکو کارەبا، میکانیك دەرمانسازی و هی تر.

3- بریتیە لە تێپەر بوونی ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو بەسەر روودانی تاوان بە بێ ئەوەی دەست بکرێت بە جولاندنی داوا یان جێ بەجێ کردنی سزا.

## پ2/

1– لێرەدا دەتوانین بلێین کە ئەو یاسایە بە دەستورێکی بچووك كراو دادەنرێت بۆ ماف و ئازادیە کەسییەکان لە چوارچێوەی داوای سزایی، لەئەنجامدا پەیوەندی توندو تۆل لە نێوان ئەو یاسایەو دەستور دروست دەبێت، چونکە هەردوکیان ڕێکارەکانی پەیوەست بە ئازادی کەسیتی تاك ڕێك دەخەن تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە دەستور سروشتەکەی وایە باسی هەموو لایەنەکانی ڕێکارەکان ناکات بە فراوانی و تێروتەسەلی بەلام یاسای أصول محاكماتی جەزائی بەپێچەوانەوە ئەو ڕێکارانە بەشێوەیەکی تێروتەسەلی ڕێك دەخات.

2-

1- ئەگەر دادوەری لێکۆلینەوە یان لێکۆلەر فەرمانی ئەوەی پێ کردبێت

2- ئەگەر باوەڕی وا بوو کە ڕەوانەکردنی هەوالدەر بۆ لای دادوەر یان لێکۆلەر دەبێتە مایەی لەناو چوونی زانیاریەکانی تاوانەکە.

3- ئەگەر باوەڕی وا بوو کە ڕەوانەکردنی هەوالدەر بۆ لای دادوەر یان لێکۆلەر دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە بەڕێوەچوونی لێکۆلینەوە

4- ئەگەر باوەڕی وا بوو کە ڕەوانەکردنی هەوالدەر بۆ لای دادوەر یان لێکۆلەر دەبێتە مایەی ڕاکردنی تۆمەتبار.

-3

واتا دادگا بۆی نیە لەخۆیەوە کەسانێك حوکم بدات کە داوا لە دژیان بەرز نەکراوەتەوە بەشێوەی یاسایی.

بۆ نموونە ئەگەر لە لێکۆلینەوە یان لە دادگایی کردن دەرکەوت کەسانێکی تر بەشدارن لەو تاوانەی کە دادگایی تێیدا بەڕێوە دەچێت ئەوا نابێت ئەو کەسانە یەکسەر حوکم بدرێن بە سزای دیاریکراو بەلکو دەبێت داوا بەرز بکرێتەوە لە دژیان ئینجا دادگایی بکرێن بە پێچەوانەوە حوکمی دادگایی پووچەل دەبێت.

ئەو بنەمایە لەو حالەتانەی خوارەوە جێبەجێ ناکرێت:

أ- حالەتی ڕێگەدان بە دادگا بۆ جولاندنی داوا و حوکم دانی ئەو کەسەی کە کارێکی نەشیاو دژ بە ڕێزو شکۆی دادگا ئەنجام دەدات

ب- حالەتی ڕوودانی تاوان لە جۆری مخالفە یان جنحە لەناو هۆلی دادگا لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگایی کردن بە جۆرێك دادگا بۆی هەیە یەکسەر تۆمەتبار سزا بدات.

ج- حالەتی رەت کردنەوەی شاهێد بۆ ئامادەبوون سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی

بێ ئەوەی پاساوێکی یاسایی هەبێت بەجۆرێك دادگا بۆی هەیە فەرمان بدات بە دەستگیر کردن و دواتر سەپاندنی سزای یاسایی.

## پ/3

-1

چونکە لێبوردنی تایبەتی تەنها تایبەتە بە سزا بەلام لێبوردنی گشتی ئەو کردەوەیەی کە تۆمەتبار ئەنجامی داوە بە نەبوو دادەنرێت.

-2

هۆکاری ئەو قەدەغەکردنەش بریتیە لە مانەوەو درێژەپێدانی پەیوەندی هاوسەرێتی.

## پ4/ بۆشایی:

1- دەستە , یاسایی , شارەزا لە کاروباری نەوجەوانان

2- دەستبەرداربوون , کۆتایی هێنانی داوا

## پ5/

1- پووچەل دەبێت

2- کردەوە تاوانیەکە بە نەبوو دادەنرێت و تاوانبار ئازاد دەکرێت

## پ6/

1- دەستەواژەکە ڕاستە

2- دەستەواژەکە هەلەیە, یاسای أصول محاکماتی جەزائی عیراقی شێوەیەکی دیاریکراوی بۆ اخبار دانەناوە بەلکو دەکرێت بە نووسین یان بە سەرزارەکی بێت وەپێویست بە ناوو واژوی هەوالدەر ناکات.

**Extra notes:**

**External Evaluator**